ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

# بزاڤی ئیسلامی
# لە سوریا

نوسینی : ئارام قادر

---

١٢١٩ ك ١٩٩٨ ز

# بزاڤی ئیسلامی لە سوریا ....... سوریا لە نێوان ڕا بردوو ئەمڕۆدا

پێش ئەوەی بڕۆینە سەرباسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی بزاڤی سوریا بەر ئەنجام وکاردانەوەکانیپێویستە ئاماژە بکەین بۆ چەند خاڵێکی سەرەتایی دەربارەی سروشتی پێکهاتنی سوریاو قۆناغە مێژووییەکانی دروست بونی :

١ – ڕووبەری سوریا ( ١٨٥ هەزار کم ) ە ، پایتەختەکەی شاری ( دیمەشق ) ە .

٢ – ژمارەی دانیشتوانی ( ١٤ ملیۆن ) کەسە و لە کۆمەڵێک نەژادو نەتەوە پێک هاتوە لەوانەش ( عەرەب ، کورد ، ئاشوری ، تورکمان ، ئەرمەن ، شیشان ، شەراکیسە ، داغستی ) .

٣ – لەڕوی بیرەباوەڕەو عەقیدەوە زوربەیان موسڵمانی سونین و چەند ڕێچکەو تایەفەیەکی تریشی لەخۆ گرتوە ، لە وانەش ( ٧ / ) گاورو ( ٨ / ) نوصەیری لە (٢ / ) دروز ، (٥٠٠٠ ) جولەکەو چەند هەزارکەسێکیش لە شیعەی ئیسماعیلی و یەزیدی شەیتان پەرستی تێدا دەژی .

٤ – لە ساڵی (١٩٢٠ ) وە سوریا کەوتە ژێردەستی داگیرکەری ( بەریتانی و فەرەنسی ) و لە ساڵی ( ١٩٤٦ ز ) دا سەربەخۆیی وەرگرتووە .

٥ – لەماوەی نێوان ( ١٩٤٦ تا ١٩٦٣ ) حوکمی سوریا لەژێردەسەلاَتی هێزی سەربازیدا بوو کە لەم ماوەیە دا زیاتر لە ( ٧ ) کۆدەتای سەربازی تێدا ئەنجام دراوەو هەریەکەیان بۆ ماوەیەک حوکمی ولاَتی گرتۆتە دەست لەسەر شێوازی سەربازی و تاک ڕەوی .

٦ – لە ( ٨ ی ئازاری ١٩٦٣ ) دا حزبی بەعسی عەرەبی بەکۆدەتایەکی سەربازی حوکمەتی گرتە دەست بەسەرۆکایەتی ( محمد أمين الحافظ ) .

٧ – بەهۆی ناکۆکی ناوخۆی حزبی بەعس لەنێوان ( گاورو نوصەیری و دروزەکان )دا کۆدەتایەکی پاک سازی کرا ، لە ( ٢٣ شوباتی ١٩٦٦ ) دا بەسەرۆکایەتی ( د. نورالدين ئەتاسی ) وە نوصەیریەکان بەتەواوەتی بونە بالأدەست لە سوریادا .

٨ – لە ساڵی (١٩٧٠) دا ( حافظ أسد ) کرا بەسەرۆکی ولاَت و سەرەتای مەینەت و نارەحەتی بۆ سوریا دەستی پیَ کرد کە لەوەوپێش وەزیری بەرگری بوو .

# بوژانەوەی ئیسلامی لە سوریا

گەلی سوری بەسروشت جەماوەرێکی پاکن و گەردن گیری ئیسلامیان زۆر بەهێزەو سۆزێکی تایبەتیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلام و یاساکانی ، پاش ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامی بوژانەوەی ئیسلامی لە ساڵەکانی سیەوە سەری هەڵدا لە شێوەی کۆمەڵەو ڕێکخراوو قوتابخانەی ئیسلامی دا بەتایبەت لەشارەکانی ( دیمەشق و حەماو حەلەب ) بەڵام سەرەتای کاری ڕێکخستن و ڕابونی ئیسلامی بەم شێوەیە دەستی پێ کرد :

١ – لە ساڵی ( ١٩٤٤ ) دا کۆمەڵەی برایان پێک هات لە ئەنجامی یەک بونی کۆمەڵە جمعیە و ڕێکخراوێکی بچوکدا بەرێبەری ( د. مصگفی السباعی ) .

٢ – لەگەڵ بونی کۆمەڵەی برایان لە سوریادا هەندێک ڕێکخراوو حزبی تر سەریان هەڵدا بەڵام کاریان لە سنورێکی دیاری کراودا خۆی دەبینێتەوە وەک : ( حزبی تەحریر ، حزب اللە ، جەماعەی تەبلیغ ، شباب محمد ) .

٣ – إخوان لە سەرەتای دروست بونیەوە و بەهۆی چالاکی و لێهاتویی ڕێبەرەکەی ( مصطفی السباعی ) توانی ڕۆڵێکی چاک ببینێت لە بواری بانگەوازو کاری جەماوەریو پەروەردەو پێگەیاندنی خەڵکی و ڕوون کردنەوەی ئیسلام و پاکژکردنی لەو تەم و مژەی کە بۆی دروست کرابوو .

٤ – لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا إخوان بەسەرکردایەتی ( مصطفی السباعی ) بەشداریان لە بزاڤی فەلەستیندا کرد بەسەرپەرشتی ( عبدالقادر الحسینی ) وە توانیان ڕۆڵێکی باش ببینین لە جەنگەدا .

٥ – لە ساڵەکانی ( ١٩٤٣ ، ١٩٤٤ ، ١٩٥٠ ، ١٩٦١ ) بەشداریان لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا کردووە توانیان کارێگی باشیان هەبێت لە شێوازی دارشتنی دەستوری سوریادا .

٦ – لە کۆتای پەنجاکاندا إخوان لە سوریادا وەک حزبێک کاری لەسەر قەدەغەکراو ڕۆشتە قۆناغی نهێنی و کاری ژێر زەمینی .

٧ – لە ساڵی ( ١٩٦٦ ) بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە ڕێبەری گشتی ( د. مصطفی السباعی ) گیانی لە دەست داو ئەمەش بوو بەسەرەتای ناکۆکی و گیروگرفت لەنێوان ڕیزەکانی إخوان دا بەتایبەت لەنێوان ( عصام عطار ) و ( سعید حوی ) و ( عبدالفتاح أبو غدة ) .

٨ – پاش هەوڵێکی زۆر لەنێوان موسڵمانانی سوریا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و یەک خستنەوەی کارو بێ ئاکام بونی ، پەنا برایە بەر ( مکتب إرشاد ) و پاش گفتوگۆ لەگەڵ هەردولا ( عبدالفتاح أبو غدە ) کرایە ڕێبەری گشتی و بەمەش یەکەم ( إنشقاق) لە إخواندا دروست بوو بە جیابونەوەی باڵێک لە إخوان بەرێبەری ( عصام عطار ) کە ئەم سەرکردانەی لەگەڵدا بوو ( حسن هویدی ، احمد الهواری ، محمد سلیم البغا ، محمد لطفی الصباغ ، زهیر شاویس ) وە ئەم سەرکردانەش بەهۆی ڕازی

بونیان به ئەنجامی تحكیمەكە لەگەڵ باڵی دووەمدا مانەوە ( سعید حوى ، عدنان سعدالدين ، علی بیانونی ، عبداللة طنطاوی ، فوزی محمد ، أمین یکن ) .

٩ – (عصام عگار ) بەهۆی سەردانی بۆ حەج حکومەتی سوری لەگەڕانەوەیدا دەرگای سوریەی لەسەر داخست و بەمەش ناچار بەرەو ئەڵمانیا ڕۆشت و ( حرکة الطلائع الاسلامیة ) ی دامەزراندو خۆی هەر بەرابەری إخوان دەزانی و تا ماوەیەکیش بەیان نامەکانی هەر بەو ناونیشانە ڕادەگەیاند .

١٠ – خەتی ( عبدالفتاح ابو غدة ) لە ساڵەکانی ( ٧٠ ) بە دواوە لە سوریادا بەردەوام بون لە کاروباریان ومزگەوتەکانیان کردبوە مەیدانێکی کار ، وەتوانیان ڕۆڵێکی گەرە ببینن ، وە دیاردەی حیجاب و ڕیش و گەردن گیری ئیسلامی به شێوەیەک بڵاوبویەوە کە حزبی بەعسی سوری سڵی لەمە دەکردەوە بەم دیاردەیە زۆر بێزارو هەراسن بوو بوو .

١١– لە ساڵی ( ١٩٧٣ ) دا خۆپیشاندانێکی گەورە لەلایەن ئیسلامیەکانی سوریە بەرپا بوو بۆ دژایەتی کردنی ئیعلان کردنی دەستوری سوری کە دەست نیشانی ئەوەی تێدا نەکردبوو ئیسلام دینی دەوڵەت بێت .

لە ئەنجامی ئەمەش دا ژمارەیەکی زۆر لە زاناو بانگخوازانی ئیسلامی بەندکراون و زۆریان تا ساڵی ( ١٩٧٨ ) لە بەندینخانەدا مانەوە .

١٢ – لە ساڵی ( ١٩٧٥ ) کۆمەڵێک لە ( عصام عطار ) جیابونەوە بەرێبەری ( شێخ محمد سرور ) لەژێر ناوی ( الاخوان المسلمون الشرعیون ) کە بەرنامەیەکیان هەڵبژارد تێکەڵ بە سەلەفیەت و إخوان و ڕویان کردە دەوڵەتەکانی کەنداو ، لە هەمان کاتدا لە سوریە ( عبدالفتاح أبو غدة ) وازی لە ڕێبەری إخوان هێناو ڕوی کردە سعودیە بۆ خوێندن و ( عدنان سعدالدین ) کرایە ڕێبەری گشتی إخوان و کە لەلایەن ( مکتب إرشاد ) پشتگیری لێ دەکرا .

## سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری

١ – لە ساڵی ( ١٩٦٥ ) دا لە ( حماه ) کارەساتێک ڕوویدا لەنێوان ئیسلامیەکان وپۆلیسی حکومەتدا لە مزگەوتی ( السلطان ) کە تێیدا بەعسیەکان هەموو جۆرە چەکێکی قەرسین بەکارهێناو مزگەوتەکەیان ڕوخاندو ژمارەیەک لەموسڵمانان شەهیدبوون و لە ئەنجامیشدا ( شێخ مروان حدید ) و ( ١١ ) لە هاوڵاتی بە دیل گیران و پاش دادگایی کردن فەرمانی لەسێدارەدانیان درا .

٢– بەهۆی داواکاری و پاڵەپەستۆی زۆر لە زانایانی سوریەو لەپێش هەموشیانەوە( شێخ محمد حامد الفقی ) بە فەرمانێکی کۆماری ( مروان حدید ) و هاوڕێکانیئازادکردن .

٣ –( مروان حدید ) یەکێک بوو لەو ئەندامانەی کە زۆر هەوڵی ڕێکخستنەوەی نێوان (عصام عطار ) و ( عبدالفتاح أبو غدە ) ی دەدا بەڵام بێ سوود بوو وەلە ئەنجامدا بوو بە ئەندامێک لەخەتی دەولی خەتی ( عبدالفتاح أبو غدە )

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

٤ – لەبەرئەوەی کاری إخوان هیچ جیاوازیەکی نەبوو لەگەڵ جەماعەی تەبلیغ ، چونکە تەنها کاریان سنوردار بوو لە مزگەوت و بانگەوازی تاکە کەسی و چەند ئاهەنگێکی دیاری کراو ( مروان حدید ) دەستی کردە بلاْوکردنەوەی فیکرەی بزاڤیئیسلامی و خۆش ویستنی شەهیدی و دژایەتی کردنی حکومەت و بە کافر زانینیحوکمی ( نوصەیری ) و بەرگری کردن لەخراپە و فەرماندان بەچاکە بەبێ ترس .

٥ – ( مروان حدید ) زۆر دژایەتی کرا بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە لەلایەن ( قیادەی إخوانەوە ) بەبیانوی ئامادە نەبونیان بۆ بەرەنگاری و پێنەگەیشتنی ئەندامەکانیانبەلاْم ( شێخ مروان ) ئارامی گرت لەسەر ئەم هەموو دژایەتییە و هەمیشە دەیگوت ( گەر إخوان لەدەرگاوە بمکەنە دەرەوە لەپەنجەرەوە بۆیان دەچمە ژورەوەو دەبیّراپێچیان کەم بۆ بزاڤی ئیسلامی ) چونکە حەزی دەکردو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو لاوانەی ئامادەکراون لەلایەن إخوانەوە باشترین بنەمان بۆ هەڵگیرساندنی بزاڤێکیئیسلامی بەر فراوان بەلاْم پاش ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی کە کارکردن لەگەڵ إخوانداب‌ێ سودەو هیچ بەروبومێکی نییە هەستا بە دروست کردنی ڕێکخراوێک بە ناوی ( الطليعة المقاتلة للاخوان المسلمين ) .

٦ -( شێخ مروان ) دەستی کرد بەرێکخستنەوەی ئەم کارە لەشارەکانی دیمەشق و حەڵەب و حەماو کۆمەڵێک لایەنگری بۆ پەیدا بوو ، وە هەستا بەدەرکردنی بەیان نامەیەک بۆ زاناو پیاو چاکانی سوریەو هاندانیان بۆ بزاڤی ئیسلامی کردن و دژایەتی کردنی تاغوتی بەعسی ، وە ئەم بەیان نامەیەش ئیعلانێک بوو بۆ کارێکی سەربەخۆ .

٧ – خەتی ( عبدالفتاح أبو غدە ) لە کاتێکدا هەستیان بە ترسی ئەم دیاردەیە کرد دەست بەجێ دەستیان کردە پڕوپاگەندە کردن بەرامبەر بە شێخ مروان و دوور خستنەوەی ئەندامان لێ یان و فەصڵ کردنی ئەوانەی کە ڕازی نەبون بەم هەڵوێستەو لە هەمان کاتدا هەستان بە دروست کردنی باڵێکی سەربازی بۆ إخوان بۆ ساردکردنەوەی لاوەکانیان لە بانگەوازی شێخ مروان .

٨ – دامەزراوی سەربازی إخوان لە ( ٢٠ ) کەس تێنە دەپەڕی ئەویش تەنها بە مەبەستی کپ کردنەوەی سۆزی لاوان بوو ، وە کەسێکیش کرابویە سەرپەرشتیاری ( عبداللة طنطاوی ) کە بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵی سەربازی نەبینی بوو

٩– لە ساڵی ( ١٩٧٥ ) دا شێخ مروان حدید لە ماڵێکدا بەهۆی هەواڵ لە سەردان دەست گیرکراو ڕاپێچی بەندینخانە کراو پاش ئازاردانێکی زۆر بەهۆی دەرمان خواردنەوە لە ساڵی ( ١٩٧٦ ) دا شەهید کرا .

١٠– پاش شەهید بونی مروان حدید سەرکردایەتی ( گلیعە ) درایە دەست ( عبدالستار زعیم ) ەوە ، وە بەسەرکردایەتی ئەم پیاوە لە ساڵەکانی ( ١٩٧٦ –١٩٧٨ ) کۆمەڵە چالاکیەکیان نواند لە تەقاندنەوەی دەزگا حکومیەکان و کوشتنی پیاوانی میری ، لە وانەش ( محمد فاضل ، یوسف اليوسف ، محمد عزت ، عابد العلی) کە هەمویان قیاداتی بەعسی بون ، لە سەرەتادا حکومەتی سوریا زۆر سەرسام بوو ، بەم ڕوداوانە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندا بەعسی عێراقی تاوانبار دەکرد چونکە گلیعە خۆیی نە دەکردە خاوەنی ئەم چالاکیانە .

١١–لە ساڵی ( ١٩٧٨ ) دا ( ٥ ) ئەندامی گلیعە بەهۆی باری نائاسایی سوریە چووبونە ئوردون یەکێکیان ناوی ( سلامە فارس ) بوو ، ئەم موسڵمانە بە هۆی کۆمەڵە بارودۆخێکی تایبەتییەوە توشی نەخۆشی نەفسی دەبێت و عەقڵی لە دەست دەدات

.... ڕۆژێک بەبێ ئاگای هاوڕێکانی لەماڵ دەردەچێت و بەرەو سوریە دەگەڕێتەوەو خۆی تەسلیم بە ( مخابراتی سوریە ) دەکات و هەموو ئیعترافات و زانیارییەک دەگەیەنێت بە حکومەت .

١٢- لە ئەنجامی ئیعترافاتی ( سلامە فارس ) لە شاری ( زرقاء )( عمر العلوانی ) کەیەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی ( طلیعة ) دەست گیردەکرێت و پاش هەوڵکی زۆریش لەگەڵ موخابراتی ئوردونیدا ئەم چوار ئەندامەی کە لە ئوردوندا مابونەوە تەسلیم بەسوریە دەکرێنەوە و پاش ئازاردانێکی زۆر لە سێدارە دەدرێن .

١٣- لەمە بەدواوە حکومەتی سوری دەستی کردە دەستگیرکردنی ئەو لاوانەی کە پەیوەندییان بە گلیعە وە هەبوە ، وە توانی نزیکەی ( ١٧ ) ئەندامیان دەستگیربکات و یەکێکیش لەو کەسانە ( ریاض حمجور ) دەبێت کە ئەویش نوێنەری ( گلیعە)یە وە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بە باڵی سەربازی إخوانەوە کە لەو اتەدا ( عدنان شیخون ) بەرێوەی دەبرد ، بە هۆی ئەمەیشەوە إخوان ، لەم کارەساتەدا تێوەگلاو حکومەت دەستی کردە گرتن و کوشتن و ڕاوانی ئیسلامیەکان بەبێ جیاوازی و بارودۆخ و زۆر زۆر ئاڵۆز بوو .

١٤- پاش دەرکەوتنی ناوی (گلیعە ) بۆ حکومەت و گرتنی هەندێک لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی گلیعە بڕیاریدا کاری سەربازی ئاشکرا بکات و بانگەشەی بزاڤی ئیسلامی بەرپا بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم چالاکیان نواند کە بریتی بوو لە سێدارەدانی ( ٥٥ ) ئەفسەری نوصەیری لە قوتابخانەی سەربازی ( المدفعیە ) لەحەڵەب و بلاوکردنەوەی بەیان نامەیەک بەناوی ( الطلیعة المقاتلة للاخوان المسلمین —

کتیبةی الشهید مروان حدید ) ، وە ئەم بەیان نامەیە بلاوکرایەوە بەناو ماڵ ومزگەوت و شوێنە گشتی یەکاندا ئەویش بوە هۆی ئەوەی جەماوەرو حکومەت ودۆست و دوژمن بزانێت کە ئەم هێرشانەی ڕابردوی گلیعە پێ ی هە ستاوە ، ئەوەی‌شایانی باسە لەم چالاکی یەدا ( موجاهدین ) ی گلیعە هیچ زیانێکیان نەبوە .

١٥- حکومەتی بەعسی سوری ئەم هەواڵەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا خوێندەوەودەستی کردە هەڕەشە و گوڕەشە لە ئیسلامیەکان و ناوهێنانی إخوان بەتاوان باران ودەرکردنی بڕیارێک بە گرتنی هەر کەسێک پەیوەندی بە إخوانەوە هەبێت یان یارمەتیيان بدات .

١٦- إخوان بۆ ئەوەی لەم گیروگرفتە ڕزگاری ببێت دەست بەجێ لە دەرەوەی وڵات بەیان نامەیەکی دەرکردو خۆی بەری کرد لەم ڕوداوەو سەرکردەی ئەم چالاکییە کەناوی ( ابراهیم یوسف ) بوو ناوی برد بەبەعسی و گوایە کێشەی تایبەتی لەگەڵ حکومەتدا هەیە ، وە ئەم بەیان نامەیەش لە گۆڤاری ( المجتمع الکویتی ) دا بلاوبویەوە ژمارە ( ٤٥٢ ) لەبەرواری ( ٣ / تەموز / ١٩٧٩ ) .

١٧- ئەو بەیان نامەیەی کە إخوان دەری کرد هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن زۆرێک لەئەندامان و سەر کردەکانی إخوان بەندکران و زۆرێکیشیان هەڵهاتن بەرەو ئوردون وکارو بانگەوازو ئەندامانیان بێ سەرو خاوەن بەجێ هێشت

١٨- لەبەرئەوەی إخوان بۆ ئەو بارودۆخە هیچی ئامادە نەکردبوو گلیعە توانی بارودۆخەکە بقۆزێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیان پەیوەندی یان کرد بە گلیعەوەو چەکی بزاڤی ئیسلامیان لەشان کرد ، لەهەمان کاتدا کاروباری سەربازی لە ساڵی (١٩٧٩-١٩٨٠ ) پەرەی زۆری سەندو چالاکی سەربازی گەیشتە ڕادەیەکی وا کەحکومەتی سوری نەتوانێت زاڵ بێت بەسەر بارودۆخەکەدا ، بەجۆرێک ڕۆژێک تێپەڕ

نەدەبوو زیتر لە ( ١٠ ) چالاکی ئەنجام نەدرێت لەهەر یەکێک لەشارەکانی ( حلب ،حماه ، حمص )ەوە ، چالاکیەکانی زۆرتر بریتی بوو لە لەناوبردن و کوشتنی بەعس و بەکرێگیراوانی حکومەت و ئاسایش و پۆلیسی میری ، یان هێرش کردنە سەر مەخفەرو بنکە سەربازیەکان و دانانی بۆسە بۆ پیاوە بەرزەکانی بەعسی .

١٩- قیادەی کاروباری سەربازی گلیعە لە ( حلب ) دا ( عدنان عقلە ) بەڕێوەی دەبرد ( حمص ) دا ( عبدالمعين السيد ) وە لە ( حماه ) دا ( هشام جمباز ) وە لە( دیمشق ) دا ( أیمن شربچی ) .

٢٠- لە ماوەی ئەم ساڵەدا ڕێبەری طليعة ( عبدالستار الزعيم ) لەم چالاکیەدا شەهید دەبێت و کاروبار دەدرێتە ( هشام جمباز ) وە ژمارەی مجاهدین بە شێوەیەکی چاوەڕێ نەکراو زیادی دەکردو تەنانەت کۆمەڵێکی زۆر لە سۆفی و موسڵمانی بێ خاوەن و سەلەفی یەکان پەیوەندیان کرد بە گلیعە وە سۆزی جەماوەر بەجۆرێک زۆر بوو لەگەڵ گلیعە دا کە توانرا لە مانگی ئازاری ( ١٩٨٠) بۆ ماوەی سێ هەفتە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەهێز ساز بکرێت لە زۆربەی شارەکانی سوریەدا دژ بە بەعس و نوصەیری یەکان ئەمەیش وای کرد لە میری کە داوای ( مفاوەزات ) بکات لەگەڵ گلیعە .

٢١- میری بۆ کپ کردنەوەی گیانی بزاڤی ئیسلامی و ڕق و کینی جەماوەر ژمارەیەک لە سەرکردەکانی إخوانی بەرداو ( لجنە المشايخ ) ی دروست کرد بە سەرپەرشتی ( أبو النصر بيانوني ) بۆ ئەنجام دانی ڕێک کەوتن لەگەڵ گلیعە دا کە پێک هاتبون لە کۆمەڵێک مەلاو زانای حەڵەب و حەمص و کۆمەڵێک لەو إخوانانەی کە بەر بوو بوون

٢٢- گلیعە ڕازی نەبوو بە ( مفاوەزات ) ، بەڵکو هێرش و چالاکیان توند ترو بەهێزتر کرد .وە لە هەمان ساڵدا ( هشام جمباز ) لەم چالاکیەدا شەهید دەکرێت و ( عدنان عقلە ) دەبێتە نوێنەری گشتی طليعة .

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

## هەڵوێستی إخوان لەم قۆناغەدا

إخوان بۆ ئەوەی مەیدانەکەی لە دەست دەر نەچێت بتوانێت ئەو کارەی گلیعە پێ یهەستاوە بیقۆزێتەوە و ڕێرەوی بگۆڕێت بەو شێوەیەی کە خۆی ئارەزوویەتی، هەستابەچەند هەنگاوێک :

١ – دامەزراندنی قیادەیەکی إخوانی لە دەرەوەی سوریە بەسەرپەرشتی ( عدنان سعدالدین ) بنکەی سەرەکیان لە ئوردون بوو .

٢- هەوڵێکی زۆر درا لەلایەن ئەو إخوانانەی کە بەردرابون بۆ پەشیمان کردنەوەی ئەو قوتابیانەی کە پەیوەندیان کردبوو بە گلیعە وە بە پەیمان دان پێیان بە لێبوردنی حکومەت و گەڕانەوەیان بۆ سەر کاروباری ڕەسمی ، یان دەرکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات و ئامادەکردنی شوێنی تایبەتی بۆیان .

٣- لیژنەیەک تەشکیل کرا لە شاری ( الزرقاء ) بە یارمەتی إخوانی ئوردون بۆ پێشوازی کردن لەو کەسانەی کە لە سوریەوە هەڵدەهاتن و ڕویان دەکردە ئوردون ،وەپەروەردەکردن و پێگەیاندنیان بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانویست ئەو کەسانەش کە ڕویان دەکردە ئوردون زۆربەیان سەرەتا بوون و هیچیان لەبارەی ئەوناکۆکیەوە نەدەزانی کە لە نێوان گلیعە و إخواندایە و ئەمەش بوە هەلێک بۆ بەرەدەرهێنان لەژێر پێی گلیعە دا .

٤- پاش ئەمانەش قیادەی إخوان بێ گومان بوو لەوەی وا خەریکە ساحەکە لە دەست دەدات و گلیعە دەبێتە خاوەنی واقعی مەیدانەکە بڕیاری دا بەشداری بزاڤیئیسلامی سوری بکات و دەست بداتە کاری سەربازی ، بڕیارەکەش لەلایەن ئەم سەرکردانەوە ( عدنان سعدالدین ، سعید حوی ، علی بیانونی ، عبدالله گنگاوی ،أدیب الحاجە ، محمد الحسناوی ، منیر الغچبان ) هەرچەندە ئەم بڕیارەش لەلایەن

( عبدالفتاح أبو غدە ) دژایەتی کراو نارەزایی خۆی دەربڕی بەڵام قیادەی إخوان لەبەر دوو هۆ سور بوو لەسەر بڕیارەکەی :

یەکەم : بەعسی سوری هیچ جیاوازیی یەکی نەخستە نێوان گلیعە و إخوانێک یان موسڵمانێکی چەکدارو بێ چەک ، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک دژی ئیسلامیەکان دەوەستاو ئەوەی پێی دەکرا ئەنجامی دەدا .

دووەم : مژدەی سەرکەوتنی موجاهدین زۆر نزیک بوو بوویەوە ، ئەمانیش بۆ ئەوەی دروێنەی ئەم سەرکەوتنە بکەن و بەروبومەکەی بقۆزنەوە ئەم بڕیارەیان دا .

٥- ڕۆژنامەی ( النژیر ) کە زمانی حاڵی إخوان بوو لەدەرەوە زۆربەی بابەتەکانی لە بزاڤی ئیسلامی و موجاهدین دەدواو خۆیان بە خاوەنی ئەو خوێنانە دادەناو شانازییان بە چالاکیەکانەوە دەکرد لە کاتێکدا بە هیچ شێوەیەک ئەندامێکی إخوانی هەڵنەساوە بە چالاکییەک بە پرس و ڕاو نەخشەی ئەوان بوو بێت .

٦- لەماوەی دیاری کراودا کۆمەڵێک پارەو یارمەتی پشتگیریان نارد بۆ گلیعە و هیچ نیازێکی خۆیان دەرنەخست بۆ ئەندامەکانیان و سەرکردەکانی گلیعە .

٧- پاش ماوەیەکی کەم إخوان ( وەک وەفدێکی ڕەسمی علی بیانونی ) یان ناردە لای ( عدنان عقلە ) کە لەو کاتەدا لە حەڵەبدا بوو ، وە داوایان لێ کرد کە قیادەی سەربازی گلیعە بداتە دەست إخوان و بە ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا کاربکرێت ، چونکە گلیعە هەڵقەڵاوی إخوانەو زۆربەشیان قوتابی کۆنی ئەوان بوون ،بۆ ئەم مەبەستە ( علی بیانونی ) چل ڕۆژ لەلای ( عدنان عقلە ) و هاوڕێکانی مایەوە

، ( علی بیانونی ) بەبێ ئومێدی گەڕایەوە پاش ئەوەی بێ گومان بوو لەوەی کەگلیعە حزبێکی سەربەخۆ یە و خاوەنی بەرنامەیەکی تایبەتی خۆیەتی و لە زۆربەی بیرو بۆچونەکاندا جیاوازی یەکی زۆری هەیە لەگەڵ إخواندا .

٨- ( عدنان عقلە ) ڕازی بوو بە گوێ ڕایەڵی و گەردن گیری بەسەرکردایەتی إخوانەوە بە مەرجێک سەرکردەکان بگەڕێنەوە ناو مەیدانی بزاڤی ئیسلامی و خۆیان بە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئیشەکە بکەن ، إخوانیش ئەم مەرجەی قبەڵ نەکردو کەوتە هێرش کردنە سەر کەسایەتی ( عدنان عقلە ) و گلیعە و ناشرین کردنی لەبەردەم ئیسلامیەکانداو هەوڵدان بۆ ڕاکێشانەوەی ئەو ئەندامانەی خۆیان کە لەناو

گلیعە دا بوون و بڕیاریش درا کە بە هیچ شێوەیەک یارمەتی گلیعە نەدرێت و هەوڵی گەمارۆی ئابوری شی بۆ بدرێت بە هەموو شێوەیەک .

٩- إخوان دەستیان کردە خۆئامادە کردن بۆ دروست کردنی باڵێکی سەربازی لەژێرسەرپەرشتی خۆیانداو هەوڵدان بۆ ئەنجام دانی هەندێ کاری سەربازی ، بەهۆی ئەمەشەوە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا بەستراو سنور بۆ إخوانەکانی سوریە کرایەوە و چەند سەربازگەیەکیان لە عێراق و ئوردوندا کردەوە .

١٠- لەم کاتانەدا هەڵوێستی خەتی (عصام عگار ) یش بریتی بوو لە دەرچون لە وڵات ، هەندێکیشیان دەست گیرکران و هەندێکیشیان پەیوەندی یان کرد بە گلیعە وە،لەهەمان کاتدا جەماعەتی ( هدی ) کە کۆمەڵێکی سۆفی بوون بەسەرپەرشتی( أبو النصر البیانونی ) دەستیان خستە ناو دەستی گلیعە وە بونە ئەندام لە گلیعە پاش ئەوەی کە ئەم کارە کەشف بوو بۆ میری ( أبو النصر ) هەڵهات و بەرەو دەرەوە ڕۆیشت .

## داکشانی چالاکیە سەربازییەکان

لە ساڵی ( ١٩٧٩ ) تا کۆتای ساڵی ( ١٩٨٠ ) بەشێوەیەکی چالاکانە گلیعە هەڵدەستا بە جموجوڵی سەربازی و بوو بوویە تاکە هێزی مەیدان و بە جۆرێک بتوانێت پاڵپەستۆی تایبەتی هەبێت لەسەر حکومەت و جەماوەر ، بۆ نمونە لە ڕەمەزانی ( ١٩٨٠ ) دا لەشارەکانی ( حەڵەب و حماە ) دا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدرا بەکردنەوەی بارو سینەماو چێشتخانەو تەدوانرا بارودۆخێکی ئیسلامی پاک بخولقێنرێت ، هەمان کاتدا هێزو مەعنەویاتی موجاهدین لەگەشەو برەوێکی سەرسوڕهێنەرابوو ، بۆ نمونە بەسەدان پۆلیس و ئاسایش گەمارۆی ( ٥ یان ٦ ) موجاهدینیان دەداو چەند جار سکاڵاو فرو فێڵیان بەکار دەهێنا بۆ خۆ تەسلیم کردن بەڵام یان بەشەهیدی یان بەسەرکەوتویی ئەو شوێنەیان بەجێ دەهێشت ، بەڵام لە کۆتای ساڵی ( ١٩٨٠ ) دا گەشەو هێزی گلیعە وردە وردە بەرەو لاوازی و کوژانەوەدەڕۆشت ئەمەش بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی و ناوەوە بوو ، کە لە پاش دا بەدرێژی هۆکارەکان دەست نیشان دەکەین ، بەڵام سەرەکی و گرنگترینیان بڕانی

سەرچاوەی ماددی پارمەتی ئابوری کە لەوەو پێش لە دەرەوە لەرێگەی إخوانەوەپێیان دەگەیشت ، ئەوانیش بە هەموو شێوەیەک ئابڵوقەی ئابوریان خست سەر گلیعە و بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکردن ، تا وای لێهات موجاهدین نرخێتەقەمەنیی و فیشەکیان دەست نەدەکەوت ، سەرکردایەتی گلیعە نەی دەتوانی ئەوانەی کە پەیوەندیان دەکرد پڕ چەکیان بکات جێگەیان بۆ دابین بکات ، تەنانەت زۆرێکیان لەناو قەبرسانەکاندا دەمانەوە ، زۆر جار هەبووە چەند موجاهدێک کۆبونەتەوە تاوەکو ئەوەی پێیانە دابەشی بکەن بەلاَم بە هەمویانەوە چەند درهەمێکیان پێ هەڵنەسوڕاوە ، ئەمەش وای کرد لە گلیعە کە ڕێگە بدات بە ئەندامانی بە کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات ، کە لەوەو پێش قەدەغە بوو لەسەر ئەندامانی کە بڕۆنە دەرەوە . .

١ ) لە بەر ئەم بارودۆخە ( عدنان عقله ) لە ساڵی ( ١٩٨١ ) دا خۆی بۆ خۆی ناچاربوو بە کۆش کردن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ إخواندا بۆ دۆزینەوەیڕێگە چارەیەک .

٢ ) لە ئەنجامی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە هەستان بە دروست کردنی قیادەیەکی ( مشترک) لە ئوردون لە نێوان إخوانی دەولی و گلیعە و خەتی ( عصام عگار ) دا لە دوانزە ئەندام کە بریتی بوو لە : ( گلیعە : عدنان عقله ، محمد عادل فارس ، ریاچ حمولیلی ،د.عبدالحمید صالح ) إخوانی دەولی ( عدنان سعدالدین ، سعید حوی ، علی بیانونی ، محمد الحسناوی) خەتی عصام عگار : ( حسن هویدی ، محمد هواری محمد سلیم البغا ، خالد البیگار ) بۆ ئەم یەکخستنەش ( حسن هویدی ) کرایە چاودێری گشتی و ( عدنان سعدالدین ) جێگری و ( عدنان عقله ) لێپرسراوی سەربازیوە ئەم ئەنجومەنە دەسەلاَتی تایبەتی پێ درا کە ببێتە سەرەتایەک بۆ یەک بونی تەواوو شوراو هەڵبژاردن و کاری سیاسی و سەربازی ڕێک بخات .

٣)– بەیعەت لە ( عمر جواد ) کە لێپرسراوی موجاهدینی ( حماە ) بوو وەرگیرا بەناوی ئەم سەرکردایە تیەوە ، وە هەروەها لە ( أیمن شربتچی ) لە (دیمەشق ).

٤)– لەلایەن ( عدنان عقله و حسن هویدی و عدنان سعدالدین ) ەوە دەست کرایەگەڕان بەناوی قەواعیدی هەرسێ لاداو ئەم ڕێکەوتنە ڕاگەیەنرا کە جێگەی هیواوئومێدو خۆشحاڵی زۆرێک لە ئیسلامیەکان بوو .

٥ )–ئەم یەک بوون و نزیک بونەوەیە ئەوەندەی نەخایاند لێک هەڵوەشایەوە بەهۆی ئەوەوە کە ( عدنان عقله ) ئەو پرۆژەیەی کەوتە بەردەست کە لەلایەن ( عدنانسعدالدین و علی بیانونی ) پێشکەش بە حزبی بەعسی عێراقی کرا بوو بۆ پێک هێنانی

( التحالف الوصنی لتحریر سوریا ) لەگەڵ چەند حزبێکی سۆشیالیستی و نەتەوەیی ،کە ئەمەش بێ پرسی ئەو شورا تازەیە کرابوو .

٦)– ( عدنان عقله ) داوای دانیشتن و گفتوگۆی کرد بۆ ڕەخنە گرتن لەم هەنگاوە ،ئەمەش بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو نزیک بونەوەیە و گلیعە بەیننامەی نارەزایی خۆی دەربڕی لەگەڵ نوسخەیەکی ئەو پرۆژەیەی کە إخوانی دەولی داینا بوو وە ئەمەش بانگەشەیەک بوو بۆ جیابونەوەو هەڵوەشاند نەوەی ئەم یەکبونە .

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەیە

٧)- إخوان لێرەشدا توانیان گورزێکی تر لە گلیعە بوەشێنن بەوەی کە دوو لەو ئەندامانەی کە دانرابون بە نوێنەری گلیعە بەرەو لای خۆیان کەمەندکێش بکەن وبەرە لەژێر پێی ( عدنان عقلە ) دا دەربکەن و هەروەها توانیان ( حسن هویدی )ش کە نوێنەری خەتی ( عصام عگار ) بوو قەناعەت پێ بکەن و واز لە خەتی خۆی بهێنێ ، لەهەمان کاتیشدا ئەو موجاهیدانەی بەناوی سەرکردایەتی نوێوە بەیعەتیان لێ وەرگیرا بوو پەرتەوازەو پارچە پارچە بوون ، هەندێکیان پەیوەست بوون بەبەیعەتەکەوە و هەندێکیشیان پەیوەندییان کردەوە بە ( عدنان عقلە )وە .

٨)- ( عدنان عقلە ) ئەم ڕوداوەی ناونا ( مأساە الوفاق ) کە إخوان توانی موئامەرەیەکی لەسەر بنیات بنێن و لەهەمان کاتدا پڕوپاگەندەیەکی زۆریان کردە سەر گلیعە و ( عدنان عقلە ) خۆی ، وە تاوانباریان کردن بەتوندڕەوی و جیلبەنەوەو

خۆش ویستنی سوڵتەو پاشگەز بونەوە لە قیادە ، وە إخوان بۆ ئەوەی زیاترو لە هەموو ڕویەکی سیاسی و فکرییەوە گەمارۆی گلیعە بدات هەستا بە دروست کردنی بەرەیەکە ئیسلامی بۆ کۆکردنەوەی سۆفی و موسڵمانانی سەربەخۆو إخوان و ئەندامانی گلیعە و ئەمینداری گشتیش ، بەرەش درایە دەست ( ابو النصر البیانونی) وە ( عبدالفتاح أبو غدە ) ش کرایە سەرپەرشتیاری ئەم بەرەیەو نەخشە کێشی ئەم بەرەیەش ( سعید حوی ) بوو .

٩)- إخوان بەهۆی پارەو دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و پاڵپشتی لێکردنی إخوانی ئوردون وە فراوانی پەیوەندی یان توانیان ( عدنان عقلە ) عەزل بکەن لەناوەوەی سوریە بە جۆرێک کە نەتوانێت هەستێت بە هیچ جموجۆڵێک بەتایبەتی پاش شەهید بوونی ( مصگفی قصار ) لە حەڵەب وسەرکوت کردنی ئەو موجاهیدە کەمەی کە مابووەوەلەحەڵەبدا .

١٠)- بەهۆی ئەم بارو دۆخەوە گلیعە چەند جار ئیعلانی ئیفلاس بوونی خەزێنەی خۆی کردو لە ڕوی مالیەوە بەتەواوی ڕووی لەکزی کرد تەنانەت جارێکیان هەستان بەفرۆشتنی ئاتونی خێزانەکانیان و ناردنی بۆ ناو سوریە بەڵام بێگومان ئەمەش دادی بزوتنەوەیەکەی جەکداری نەدەدا .

١١) – لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا (عەدنان عقلە ) نەوەستاو هەستا بەکۆمەڵە جموجۆڵ و هەنگاوێک و خۆی ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە ناو خاکی سوریە بەمەبەستی ئەوەی ئەو موجاهیدانەی ماون و لایانگرانی ئاگادار بکات لەوەی کە إخوان چی بەسەر هێناون ، بۆئەم مەبەستەش لەکانونی دووەمی ساڵی(١٩٨٢) دا گەشتەوە (حماە).

١٢)-(عەدنان عقلە ) پێش گەڕانەوەی لەلایەن ( تە ها یاسین رەمەزان ) وەعدیپێ درابوو کە هەموو کۆمەکێکی سەربازی بکرێت بەمەرجێ نواندنی چالاکی چونکە لەو کاتەدا ئێران شاڵاوی بەرفراوانی دەهێنایە سەر عێراق .

# إخوان و کاری سەربازی

پاش ئەوەی إخوان توانی بە هەمو شێوەیەک گلیعە لاواز بکات و خۆی ببێتە تاکە هێزی سوریە ، هەستان بەم چەند هەنگاوە :

١- دانانی دامەزراوێکی سەربازی لە ( ٤٠ ) کەس بەسەرپەرشتی ( سعید حوی ) .

٢- یارمەتی دانی ئەو موجاهیدانەی ناو سوریە پاڵپشتی کردنیان پاش تازەکردنەوەی بەیعەت و پەیمان دان بە گوێڕایەڵی بۆ قیادەی إخوان .

٣- هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەند باڵێکی سەربازی لە ( حەڵەب ، حمص ، ساحل )ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشوری سوریە .

٤- پەیوەندی کردن بە کۆمەڵە ئەفسەرێکی موسڵمانەوە داواکردن لێیان بە هەڵسان بە کۆدەتایەکی سەربازی و ئەم ئەفسەرانەش لەلایەن ( عمید تیسیر لوتفی ) ی یەوەسەرپەرشتی دەکران .

٥- نەخشە کێشان بۆ ئامادەکردنی ( ٥ ) هەزار لاو بۆ مەشق پێ کردنیان لە عێراق و ئوردون دا و ئامادەکردنیان بۆ کاتی کۆدەتا سەربازی یەکە .

٦- زۆر لە قیاداتی إخوان بەم هەنگاوە دڵخۆش بون دەستیان دایە بانگەشەو مژدەدان بە دۆست و لایەنەکان و ئەندامانی خۆیان و بە ڕۆژی ( الحسم ) ناویان دەبرد ، تەنانەت زۆریشیان دەیان ویست دەست نیشانی ڕۆژو مانگی دیاری کراوبکات .

٧- ئەم کۆدەتا سەربازییە کەشف بوو بەهۆی دەستگیرکردنی ( خالد الشامی ) کەنامەیەکی پێ بوو لەلایەن قیادەی إخوانەوە بۆ ناو سوریە ، پاش ئەوەی ناوبراو دانیـا بە شێوازو چۆنیەتی نەخشەکەدا ، هێنرایە سەر تەلەفزیۆن و بۆ ماوەی ( ٤ ) کاتژمێر قسەی کردو لەم چاوپێکەوتنەی دا هەوڵەکانی لەناو بردنی ( گلیعە ) لەلایەن إخوانەوە باس کرد .

٨- دەست بەجێ دەست کرا بە لە سێدارەدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکان ولەوانەیش ( تیسیر لتفی ) و ژمارەیەکی زۆریش ڕایان کردو ئەوەیش کە گومانی لێدەکرا تەسریح کرا .

٩- لەهەمان کاتدا قیادەی إخوان خۆی بەری کرد لەم کارەساتەو دەستی کردە هێرش کردنە سەر گلیعە و ( عدنان عقلە ) گوایە هەرچی نەگبەتی و نەهامەتی هەیەبەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت .

١٠- لەلایەن حکومەتەوە بڕیار درا بە ئابلۆقەدانی شاری ( حماە ) و وێران کردنیچونکە لە ڕێگەی ئیعترافاتەکان و نامەکانەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە مەڵبەندی هێزوتوانای موجاهدین سنورداره لەشاری ( حماە ) دا و ئەم شارەش کراوەتە بنکەی سەرەکی ئینقیلابەکە .

ئیسلام پەیک
بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

# کارەساتی حماه

١- ( عدنان عقلە ) بە هەر شێوەیەک بوو گەیشتە سەرکردەی مەیدانی ( أبوبکر )لە شاری ( حماه ) لە کاتێکدا کە ( حماه ) گەمارۆ دراوەو ژمارەیەکی زۆر لایەنگرانوگلیعە گیران و لە هەمان کاتدا ڕێژەیەکی زۆر لە بنکەکانی موجاهدین کەشف بوو حکومەتیش بە هیچ شێوەیەک وەک جاران ڕوو بە ڕووبونەوەی ئەنجام نەدەدا لەگەڵ موجاهدین بەڵکو هەر مۆڵگەکانیان کەشف ببوایە ئەو ماڵ و شوێنەی وێران دەکردبەسەر یەکداو هەرچیش لەو ناوە بوایە دەستگیر دەکرا ..

أبوبکر ڕایگەیاند بە ( عدنان عقلە ) کە هیچ چارەیەکیان نەماوە تەنها ڕوو بە ڕووی ئاشکرا نەبێت و بڕیاریان داوە ڕۆژی ( ٢٥ / ١/ ١٩٨٢ ) بکرێتە ڕۆژی ئیعلان کردنیبزاڤی ئیسلامی هیچ نەبێت یان مردنێکی سەربەرزیە یان جەماوەریش دەوروژێنێت ونەخشەی دوژمن پوچەڵ دەکاتەوە بەو شێوەیە بڕیارێکی ناچاری دەرکرا لەژێر ئەمبارودۆخەدا ئەوەی ( عدنان عقلە ) هێنا بویەوە هەموی هێوشا لە ناچاری دا پەیمانی دا بە أبوبکر بە پشتگیری کردنی و یارمەتی دانی و بە هەموو شێوەیەک .

٢- ( عدنان عقلە ) نامەیەکی لە ( أبوبکر ) وەرگرت بۆ هەموو سەرکردە ئیسلامیەکان لە دەرەوەی وڵات بە گشت جۆرو توێژەکانیانەوە .

٣- ( عدنان عقلە ) لە ( ٢٤ / ١ / ١٩٨٢ ) دا گەیشتە بەغدادو لەگەڵ لێپرسراوی إخوانی سوری دا ( رشید العیسی ) بەرەو ( عمان ) کەوتە ڕێ بۆ گەیاندنی نامەکەو باری ئاڵۆزی ( حماه ) بە سەرکردەکان .

٤- هەمان ڕۆژ گەشتنە ( عمان ) و ( عدنان عقلە ) زۆر هەوڵی دا کە دانیشتن سازبکرێت و بڕیار بدرێت بەڵام بێ سوود بوو و بە بیانوی نەگونجان کۆبونەوەو پەلە نەکردن .

٥- لە ( ٢٥ / ١ /١٩٨١ ) دا قیادەی إخوان بڕیاریان دا کە هاوکاری ( موجاهدین ) ی حماه بکەن بە مەرجێک ( عدنان عقلە ) بەیعەتیان بداتێ ، ( عدنان ) زۆر هەوڵی لەگەڵدادان و لێ یان پاڕایەوە کاتی ئەوە نییە وا براکانیان لە( حماه ) دا نوقمی خەڵتانی خوێن دەکرێن ، وە ئامادە بوو بۆ هەر جۆرێ لە جۆرەکانی ( تعاون و تنسیق ) لەگەڵیاندا ، ئەوانیش قایل نەبون و ئەویش بە دڵی پڕونا ئومێدیەوە بەجێی هێشتن و وتی پێش ئەوەی بێم دەمزانی هەڵوێستان چۆن دەبێت بەڵام بۆ ئەوەی ( إقامة الحجة ) تان لەسەر بکەم بۆ قیامەت .

٦- ( عدنان عقلە ) لەهەمان ڕۆژدا نامەکەی ( أبوبکر ) ی بڵاوکردەوە لەناو ڕیزەکانی إخوان و گلیعە و سۆفی و موسڵمانانی گشتی سوریە و ڕایگەیاند کە گلیعە دەڕوات بۆ هاوکاری ( أبو بکر ) و کێ دەیەوێت بەشداری بکات یا پەیوەندی یان پێوە بکات.

٧- ( عدنان عقلە ) وقوتابیەکانی بەرەو بەغداد کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی لەوێوە دابەزنەسوریە کە مارەیان لە ( ١٠٠ ) لاو تێ نەدەپەڕی .

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

٨- زۆربەی لاوانی إخوان حەزیان دەکرد به بەشداربون لەگەڵ ( عدنان عقله ) داوبەشداربن له بزاڤی ئیسلامیدا ، بەڵام سەرکردەکانیان ڕێگەیان لێ دەگرتن بەو بیانووەی گوایه خۆیان کاریان بۆ تەرتیب دەکەن ، دەستیان کرد به گەڕان بەسەرمەڵبەندەکانیاندا به هیوای کپ کردنەوەی گیانی خەبات .

٩- قیادەی إخوانی کاتێک زانی که ڕوداوەکان زاڵ بوون بەسەر ساحەداو هیچ چارێکیان نییەتەنها بەشداربون نەبێت، له ناچاری دا له شەوی ( ٨-٩ / ٢ / ١٩٨٢ ) دا ( عدنان سعدالدين ، سعيد حوى ، حسن هويدى ) بەیان نامەیەکیان بڵاوکردەوه که ڕوو به ڕوو بونەوه له نێوان إخوان و حکومەتدا بەرپابووەوکێ ئامادەی هەیه بۆ بەشداربون بگاته بنکه سەربازی یەکانی بەغداد .

١٠- بەهۆی ئەم بانگەوازەوه ژمارەیەکی زۆر له لاوان له ئەوروپاو دەوڵەتانی کەنداوو ئوردونەوه گەشتنه بەغداد . ١١- ئەندامان و لایەنگرانیان له سەربازگەی ( ڕشيد ) له بەغداد کۆکرانەوەو قیاداتیإخوانیش لەگەڵ سەرۆکی بەرەی ئیسلامی ( أبو النصر البيانونى ) له کۆشکی میوانداری که سەر بەکۆشکی کۆماری عێراقه دەستیان دایه نەخشه کێشان بۆ بەرپاکردنی ئەم بزاڤه ئیسلامیه .

١٢- یەکەم نەخشەیان بریتی بوو له داواکردن له عێراق بەوەی که ڕێگه نەداته( عدنان عقله ) و ئەندامانی ( گليعة ) به دابەزین بۆ ناو سوریەو فریاکەوتنی ( حماه ) ، حزبی بەعسیش زۆر به چالاکانه پشتی هەڵکرد له گلیعه و ئەو پەیمانانەی که دابویان به ( عدنان ) لێ ی پەشیمان بونەوەو دەستیان گرت بەسەرئەندامانی گلیعه داو جوڵیان سنوردارکردن .

١٣- چەند ئەندامێکی گلیعه لەوانەش ( د. عبدالحميد صالح ) که جێگری ( عدنان عقله ) بوو ڕۆشتنه لای ( عدنان سعدالدين ) بۆ ئەوەی ئەو پاڵپەستۆیەیانه لەسەرنەمێنێت ، تەنانەت پێی وت بۆ ڕێگەمان نادەن بەڵکو خوا ( عدنانیش ) شەهید بکاوله کۆڵ ئێوەی بکاتەوه ، له وەڵامدا وتی یەک فیشەکتان نادرێتێ و دەم و چاوی( عدنان ) یش له شەهید ناچێ ، بەم شێوەیە گلیعه ڕێگەی لێ گیراو به دەست بەستراوی له عێراقدا مانەوه .

١٤- إخوان نزیکەی ( ١٥٠٠ ) لاویان کۆکردبویەوەو خولێکی خێرای فێربونیسەربازی‌یان بۆ کردنەوەو چەند سەرکردەیەکی لاویان دانا بۆ سەرپەرشتی کارەکەوناوچەکانیان جیاکردەوه .

١٥- له ڕێگەی ئیزاعەی عێراقەوه که ( ٢٠ ) دەقیقەیان بۆ تەرخان کرابوو دەستیان دایه پرۆپاگەندەکردن و خوێندنەوەی هەواڵی درۆو زل دەربارەی بزاڤی ئیسلامی و موجاهدین و به تایبەت سەبارەت به گەیشتنی موجاهدین بۆ ( حماه ) وتێک شکانی سوپا ، ئەم بانگەوازانەش بەناوی سەرکردایەتی بزاڤی ئیسلامی له سوریه بڵاوکرایەوەو زۆرێکیش لەو بەیاننامانه لەلایەن ( سعيد حوى و عدنان سعدالدين ) ەوه دەخوێنرایەوه .

١٦- هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی پارەو یارمەتی بەناوی فریاکەوتنی ( حماه ) و دەست گیرۆیی هەژاران و هەتیوان و بەمەش زیاتر له ( ١٠٠ ) ملیۆن دۆلاریان کۆکردەوه تەنانەت زۆر له ئافرەتان هەبون ئاڵتونی خۆی هەموو بەخشی .

١٧- لەلایەن عێراقەوە کۆمەڵێک چەک و جبەخانەیان پێ درا کە هەمووی کۆن وبەکارهاتوو بە جۆرێک کە بە هیچ شێوەیەک نە دەتوانرا بەو جۆرە چەکانە بزاڤێکی ئیسلامی بەو شێوەیە بەرپا بکرێت و لەهەمان کاتدا دەتوانرا لە ماوەیەکی کەم و بە ژمارەیەکی کەم زۆر لە شارەکانی ( حلب و حمص و دیمەشق ) ڕزگار بکرێت ، چونکە خاڵی کرابوو لە هەموو جۆرە هێزێکی حکومەت بەهۆی ڕاپێچ کردنی هێزەکانیان بەرەو حماە .١٨- بەردەوام کات تێپەڕ دەبوو بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە جوڵەیەک بەرەو ناو سوریە ئەنجام بدرێت و تەنانەت پێداویستیەکانی خۆ ئامادەکردنیش بە دەست نەهێنرابوولە ( خەریتە ، جیهاز ، ڕاپۆرت ، دەلیل ) و چەندین پێویستی ئاسایی سەربازیتر کە لەوەو پێش چەندین پارەی لە پێناودا خەرج درابوو وە بانگەشەی ئامادەبونێکی وەها درابو کە گوایە چەک و جبەخانەی زۆریان هەیەو چەندین مۆڵگەی دیاری کراویان هەیە و چەندین شوێنی ڕزگارکراویان بە دەستەوەیە ئەم پڕوپاگەندانە بە تایبەت لە دەمی سەرکردەکانیانەوە دەگوتراو دەگوترایەوە بە تایبەت ( عبدالله

گنگاوی ) تەنانەت ( أبو النصر البیانونی ) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری ( الانصار ) ی ئەڵمانیدا سازکرد ، بە ناونیشانی ( حماە المحررە تدخل شهرها الثانی)بە مەرجێک لەو کاتەدا حماە وێران کرابوو .

١٩) لە ( ١٠ / ٣ / ١٩٨٢ ) دا ( عدنان سعدالدین ) داوای کۆبونەوەیەکی بەپەلەیسەرکردە سەربازەکانی کرد کە ئەو کاتە ( أبو عمر گیار ) کرابوو بە لێپرسراویان لەگەڵ ( ٧٠ ) فەرماندەی تردا ، لە کۆبونەوەکە دا پاش هەندێک باسی گوێ ڕایەڵی و گەردن گیری و پەیی ڕاگەیاندن کە :

أ- هەر لە ( ٢٠ / ٢ / ١٩٨٢ ) دا شاری حماە داگیرکراوەو وێران کراوەو زیاتر لە( ٣٠ ) هەزار کەسی تێدا شەهیدکراوە .

ب- هەڵوەشاندنەوەی ( نفیر عام ) و گەڕاندنەوەی هەر کەسەو بۆ شوێنی خۆی .

ج- لە دایک بونی ( التحالف الوگنی لتحریر سوریا ) لەگەڵ کۆمەڵێک لە حزبە عەلمانیەکان و قەومیەکاندا .

٢٠- بەم ڕاگەیاندنە زۆرێک لە لاوان توشی نەخۆشی نەفسی بون و بەبێ ئومێدی گەڕانەوەو زۆربەی قیاداتی إخوانی ڕویان نەبوو ڕوبکەنە بنکەو مەڵبەندەکانیان بۆبینینی قوتابیان ، وە جۆرێک لە ئاڵۆزی و بێ متمتنەیی و شپرزی لەناو ڕیزەکانی إخواندا دروست بوو بە تایبەت بەرامبەر سەرکردەو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لێپرسراوی یەکەم دەزانی .

# ڕاستی کارەساتی حماه

ئەوەی کە دەبیسترا لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی إخوانەوە دەربارەی کارەساتی ( حماه ) و زنجیرەی ڕوداوەکانی زۆربەی زۆری درۆو هەڵبەستراوبوو ، ڕاستی ڕوداوەکە لە هەموو کەس شێوێنرابوو تا ماوەیەک پاش ڕوداوەکە دەرچونی هەندێک لەوانەی کە ڕزگاریان بوو لەو کارەساتەدا ، کورتەی ڕوداوەکەش بەم شێوەیە بوو :

١- پاش ئەوەی بەعسیەکان گەمارۆیەکی توندیان بە ڕوی شاری ( حماه ) دا دروست کردو هەموو هاتوچۆو پەیوەندیەک پچڕێنرا دەستیان کردە گرتن و ڕاوونانی خەڵکی حماه بەتایبەت ئەوانەی کە گومان لێکراوبون ئەویش بۆ ئەوەی مۆڵگەی موجاهیدەکان بدۆزنەوەو دەستی بەسەردا بگرن .

٢- لە ( ٢ / ٢ / ١٩٨٢ ) دا هێزێکی تایبەت لە بەعسیەکان ڕوی کردە بنکەی سەرکردەی ( موجاهدین ) ی حماه ( عمر جواد ، أبو بکر ) بەهۆی چاودێرو هەواڵ نێرەکانەوە ڕێگاو توانای ئەم هێزە زانراو توانرا لە ڕێگەی بۆسەنانەوەوەئەو هێزە تێک بشکێنرێت و لە ناو ببرێت .

٣- بۆ ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ نوێژی بەیانی دا ( أبو بکر ) ڕوی کردە مزگەوت ولەگەڵ بانگی بەیانی دا بانگەشەی ڕاپەڕین و بزاڤی ئیسلامی ڕاگەیاندو دەستیان کردە دابەش کردنی چەک و تەقەمەنی بەسەر ئەو هاولاتیانەی بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن و توانیان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەسەڵاتی تەواو بەسەر شارەکەدا بگرن .

٤- چەند هوڵێکی ( موفاوەزات ) درا لەلایەن حکومەتەوە موجاهدین ڕەتیان کردەوەو لەهەمان کاتدا توانیان چەند هەوڵێکی حکومەت لەباربەرن کە بەهۆی ( إنزال جەوی ) یەوە دەیویست دەست بەسەر شارەکەدا بگرێتەوە ، هەروەها چەند هەوڵێکی سەربازیش کرا بۆ بڕینی ئەو هێڵ بەرگرییەی کە موجاهدین دایان نابوو .

٥) بەهۆی بڕینی هەمووهۆیەکی هاتوچۆ لەلایەن حکومەتەوەوکەمی تەقەمەنیوخواردن و دەردەوامی هێرشی بەعسیەکان ، موجاهدین بڕیاری کشانەوەیان دابۆ کۆڵان و ناوچە کۆنەکانی شاری حماه ، بەهۆی ئەوەی کە بەرگری کردنی تێدائاسانەو بواری جوڵانی دەبابەو سەیارەی تێدا نییە .

٦- بۆ ماوەی ( ١٠ ) ڕۆژ بەردەوام بۆردومانی شاری ( حماه ) کرا بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس ، بەهۆی هاوەنێکەوە لە ڕۆژی هەشتەم دا ( عمر جواد ) سەرکردەی موجاهدین شەهید بوو ، پاشان جێگرەکەی ( مسعف البارودی ) کاریگرتە دەست و پاش بەرگری و جەنگێکی خوێناوی شەهید کرا .

٧- لە ڕۆژەکانی کۆتای شەڕدا تەنها لە چەند کۆڵانێکی ( حماه ) دا بەرگری کردن مابوویەوەو زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە چەکیان لەگەڵ موجاهدین دا هەڵگرتبوو چەکیان فڕێ داو پاش ( ١٨ ) ڕۆژ شەڕی خوێناوی هیچ جۆرە بەرگری یەک نەما وە زیاتر لە ( ٣٠ ) هەزار کەس لەم شارەدا شەهید بوە ، وە پاش نەمانی بەرگریش سوپای سوری نەیتوانی بڕواتە شارەوە ن تا بە موشەک و تۆپی قورس شارەکەی بە تەواوەتی بۆردومان کردو بەشێکی زۆری شارەکە وێران بوو،دوای ئەوەش شارەکە بۆ چەند ڕۆژێک کەوتە بەر شالاوی دزی و تالانی و ناموس شکاندنی ئافرەتان و گرتن و کوشتنی بەکۆمەڵ .

٨- لە ( ٢٠ / ٢ /١٩٨٢ ) دا هەموو شتێک لە ( حماە ) دا کۆتای پێ هات و ئەم شارە هەرئەوەندە توانی بەرگە بگرێت بەبێ یارمەتی و پشت گرتنی ، شەهیدییان هەڵبژارد بەسەر گرتن و مردنی زەلیلی داو شەکوای خۆیان بەرزکردەوە بۆلای خوای گەورە بەهۆی کەمتەرخەمی براکانیانەوە تەنانەت( شێخ ئەدیب الگەیلانی ) پێش شەهیدبونی وتویەتی داوای حەقی خوێنی خۆم لە إخوان دەکەم لە قیامەتدا ....

لە هەمان کاتدا تا ( ١٠ / ٣ / ١٩٨٢ ) إخوان لەدەرەوە لە ڕێگەی گۆڤارو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەوە باسیان لە بەرگری و توانای موجاهدین و فریاکەوتنی شاری ( حماە ) دەکرد .

## بارودۆخ پاش ڕودانی کارەساتی حماە

١- پاش ئەوەی ڕوداوو کارەساتی حماە گەیشتە دەم هەموو خەڵکی لەدەرەوەی سوریادا جەماعەی إخوان توشی گیروگرفتێکی ناوخۆیی زۆر هات ئەویش لە ڕوی دەرکەوتنی بێ توانایی و کەمتەرخەمی و نەزانی قیادە ، لەوەش زیاتر زۆر لە ئەندامانی قیادەیان تاوانبار دەکرد بە ئەڵقە لە گوێ ی و خیانەت کردن بەرامبەر بزاڤی ئیسلامی سوری .

٢- لە ئاستی حزب و حکومەت و جەماوەردا إخوان نرخ و ڕێزو بەهای بە تەواوەتی دابەزی ن بە تایبەت پاش دەرکەوتنی درۆو پروپاگەندەو بەدی نەهاتنی پەیمانەکانیان ، وە نەبونی هیچ ڕۆڵێکی واقعی لە مەیدان دا ، هەرچەندە هەوڵیان دا کارەساتی حماە بخەنەسەر گلیعە و ( عدنان عقلە ) بەڵام بێ سود بو چونکە کەس باوەڕی بەو قسانە نەما .

٣- پاش هەوڵدانێکی زۆر بۆ چاکسازی لەناو ڕیزی جەماعەدا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان و نەهێشتنی هەڵەکان بەهۆی دەسەلاتی ڕیش سپی و قیادە وێنەکان بەسەر جەماعەدا هەموو هەوڵ و کۆششێک بێ سود مایەوەو ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی إخوان لە بواری سەربازی هونەری و ڕێکخراوەیی دابە ناچاری ڕوبکەنە وڵاتەکانی ئەوروپاو تورکیا بۆ گەڕان بە شوێن ژیان و خوێندن دا ، باوەڕیان نەما بەکارو جوڵە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە دا .

٤- هەوڵ و کۆششی إخوان لەم قۆناغەدا تەنها بریتی بوو لە جێگیرکردنی ( التحالف الوگنی لتحریر سوریا ) لە ئەنجامی ئەمەیشدا دەستیان دایە هەوڵدان بۆ دروست کردنی کۆمەڵە پەیوەندی یەکی سیاسی و دبلۆماسیەتی ، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک لەوانەی کە تازە هەڵهاتبون لە ( حلب و حماە ) وە کۆمەڵێکیش لەوانەی بەهۆی باری نالەباری ماددییەوە مابونەوە باڵێکی سەربازییان دروست کرد ناویان نا ( جیش تحریر سوریا ) .

٥- پاش ئەوەی گیروگرفت و چەرمەشەری زۆر بوو لەناو ڕیزەکانی إخواندا بە تایبەت پاش ئەوەی إخوانی سوری بەتەواوی کەوتە ژێر باڵی ڕەحمەتی حزبیبەعسی عێراقییەوە ، وە بە جۆرێک کە ( عدنان سعدالدین ) لە گۆڤاری (العربی )ڕایگەیاند کە خیلافی نێوان ئێمەو بەعس وەهەمو هیچ جیاوازییەکمان نییە ،هەمیشە بەشان و باڵی ( صدام ) و حزبی بەعسدا دەیان خوێند ،لە ئەنجامی ئەمەیشدا ڕەوتێک لەناو إخواندا دروست بوو بە نیازی لابردنی ( عدنان سعدالدین)وە پێیان وابوو بنچینەی کێشەو گیروگرفتەکان لەوەوە سەر هەڵدەدات .

٦- بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی شورا دراو شورایەکی تازە پێک هێنرا لە ( ٢٨ )ئەندام کە چواردەیان دژی سیاسەت و بەرنامەی ( عدنان سعدالدین ) بوون و ( ١٤ ) یان هەواداری ئەو بوون ، وە بۆ ئەوەی کە ئینشیقاق ڕوو نەدات هەستانبە دانانی ( أدیب الجاجە ) و پاش ماوەیەکی تریش ( منیر غچبان ) بە چاودێریگشتی إخوان بە مەبەستی نزیک کردنەوەو یەکخستنی هەردوو تەوەرەی هێزەکەئەمەش لەلایەن ( تەنزیم دەولی ) یەوە ئەنجام درا .

٧- ( منیر غچبان ) لە چاودێری گشتی ( إستقالە ) ی کردو سەرنەکەوتنی لە کارەکەدا ڕاگەیاند ، بەهۆی ئەمەشەوە ( تەنزیمی ) دەولی دەستی خستە کارەکەوەو بڕیاری دا ڕابەرێکی گشتی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵبژێردرێ و شورائەو ئەرکە نەگرێتە ئەستۆی خۆی ، لە ئەنجامی ئەمەش دا دەست کرا بە خۆ ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی و لەهەردوو لاوە دەست کرا بە پڕوپاگەندەو درۆو هێرش کردنە سەر یەکتر ، وە بەکارهێنانی زۆر هۆکاری ناشەرعی و نا دروست لەم هەڵبژاردنەدا .

٨- پاش هەڵبژاردن ( عبدالفتاح ابو غدە ) دەرچوو بە چاودێری گشتی و إخوانی سوریەو لەلایەن ( تەنزیم ) ی دەولیەیەوە ئیعترافی پێ کراو داوای لێ کرا کە هەستێت بە چاکسازی لەناو دەزگاکانی جەماعەداوئەو گیروگرفت و چەرمەسەریەی لەجەماعەدا هەیە بنبڕی بکات ( عدنان سعدالدین ) یش بەمە قایل نەبوو وە داوای دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکەی کردەوە ، بە بیانوی بونی ژمارەیەکی زۆر لە کارتی سپی ، پاش چەند هەوڵێک بۆ دوبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکە بەڵام بێ سوود بوو لە ئەنجامی ئەمەیشدا ( إنشقاق ) ی سێیەم سەری هەڵدا لە ساڵی ( ١٩٨٦ ) دا .

٩- خەتی ( عدنان سعدالدین ) پێک هات لە ( سعید حوی ، فاروق گیفور ، عبدالله گنگاوی ، أدیب الحاجە ) وە کۆمەڵێک لاوانی ناو عێراق کە ناچاربونبەیعەت بدەنە ( عدنان ) وە کۆمەڵێک لاویش کە حەزیان لە بزاڤی ئیسلامی و غەزا دەکردو ( عدنان سعدالدین ) خۆی کردبووە سەرقافڵەی وجاهدین ، وەئەم خەتە توانی دەست بگرێت بەسەر نوسینگەی سەربازی و بەڵگەنامەو ئەرشیف وڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی ( النذیر ) لەهەمان کاتدا دەستیان گرت بەسەر ڕێژەیەکیزۆر لەو پارەیەی کە لە بانقەکاندا دانرا بوو .

١٠- خەتی ( عبدالفتاح أبو غدە ) پێک هات لە ( علی بیانونی و حسن هویدی و زهیر سلیم و محمد الحسناوی ) وە ئەم خەتە زۆربەیان لە کەنداوو سعودیەدا دەژیان و ناودەبران بە خەتی ئاشتیخواز و ڕێبەری ئاشت بونەوەیان دەکرد لەگەڵ حکومەتدا.

## هەرەس هێنانی گلیعە پاش کارەساتی حماە

١- پاش کارەساتی ( حماە ) ( عدنان عقلە ) هەستا بە کۆمەڵێ چاکسازی لە ڕیزەکانی ( گلیعە ) داو پیاچونەوەی ئەو هەڵانەی ڕابردوو ، وە دەستی کردە دامەزراندنی کۆمەڵێ لیژنە ، لەوانەش لیژنەی عەقیدە بۆ نوسینەوەی بیروباوەڕو فکرەی خۆیان ، وە لیژنەی ڕاگەیاندن و ڕێکخستن و دارایی بۆ وەگەڕ خستنەوەی

ئەندامان و جوڵاندنی گلیعە لەو بوارانەدا و لیژنەی کاروباری ناوخۆ بۆ پەیوەندی کردن بە ناوخۆی سوریەو گەڕانەوەی ئەو ئەندامانەی کە پەیوەندیان پچڕابوو .

٢- وە لەبواری پەیوەندیەکاندا ( عدنان عقلە ) هەستا بەکۆمەلێک هاتوچۆ بۆ دەوڵەتەکانی کەنداوو ئەوروپا بۆ کۆکردنەوەی ماددەو پشتگیری سیاسی لە کارەکەیان و لەهەمان کاتدا توانی پەیوەندیەکی پتەو دروست بکات لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی لە فەلەستین و خۆیان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ناو سوریە .

٣- پاش کۆمەڵە هەنگاوێک لەناوخۆی سوریەدا جێگری ( عدنان عقلە ) ( أحمدزیات ) دابەزی ، بۆ ئەوەی لە ناوچەی ( أدلب ) دا جێگیر ببێت و پەیوەندیش بکات بە ( أيمن شربتچی ) لە دیمەشق و دەست بکەن بە چالاکی ، پاش گەشتنی ( أحمد زيات ) نامەیەک نێررا بۆ ( عدنان عقلە ) کە دابەزێتە سوریە بەهۆی یەکێک لە ئەندامانی گلیعە وە کە خەڵکی ناوچەکە بوو .

٤- لەمانگی ( ٥ / ١٩٨٣ ) دا لە ڕێگەی تورکیاوە ( عدنان عقلە ) دابەزیەوە سوریە ، لەو ڕێگەوە کە جێگرەکەی و کۆمەڵێک دابەزی بون و پاش گەیشتنی نامەیەکی نارد کە تێیدا ئاگاداری قیادەی گلیعە ی کردبوو لە ( عمان ) کە بەسەلامەتی گەیشتووەو پێویستە لەمەولا گوێڕایەڵی جێگرەکەی بکەن کە ئەوسەرپەرشتیاری نامەکانی دەکات .

٥- پاش ماوەیەک زیاتر لە ( ٧٠ ) لە لاوەکانی گلیعە دابەزینە ناو سوریە بۆپەیوەندی کردن بە ( عدنان عقلە ) وە ، دەست بەکاربوون بۆ بەردەوام کردنی بزاڤی ئیسلامی دژی بەعسیەکان ، پاش ماوەیەک بەدابەزینی ( عدنان عقلە ) وهاوڕێکانی ،پڕوپاگەندەیەک بلاْوبویەوە گوایە ( عدنان عقلە ) لە ئەوروپادا بینراوە پاش ماوەیەکی تر بلاْوکرایەوە گوایە لەگەڵ هاوڕێکانی دەستگیر کراون ، ئەم

پڕوپاگەندانە کە لەلایەن إخوانەوە دەکرا دوو دڵیەکی دروست کرد لە دەروونیئەندامانی سەرکردایەتی گلیعە کە لە عماندا مابونەوە ، لەبەر ئەوە لەلایەن ( أبو عمر زرعید ) کە لێپرسراوی گلیعە بوو لە ئەوروپا بڕیار درا کە خۆی دابەزێتە ناو سوریەو دڵنیا بێت لەم ڕوداوە ، چونکە لەوەو پێش هەر برایەکیان دەنارد نامە یان کاسێتێکی دەهێنایەوە بە دەنگی ( عدنان عقلە ) کە سەلامەتن و بەردەوامن لەکاردا ، لە هەمان کاتدا پڕوپاگەندەیەکان زۆرو بەبەرفراوانی بلاْودەبونەوە بۆیە دڵنیا نەبون لە کاسێت و نامەکان ، پاش ماوەیەک نامەیەک هات کە ( أبو عمر ) شەهیدکراوە ئەمەیش زیاتر گومانەکانی قوڵ کرد تا پیاوێک لەلایەن ( موخابەراتی سوریە ) وە نێردرا بوو بۆ ئوردون بەشوێن برایەکیدا کە ناوی ( حاجی حسن خچرو ) بوو ، وە شریتێکی کوڕەکەی پێ بوو کە گیرا بوولەبەندینخانەدا وە یەکێک بوو لەو ( ٧٠ ) کەسەی کەدابەزی بوون ... لەگەڵ گەیشتنی ئەم پیاوەدا موخابەراتی ئوردونیش ئاگاداری گلیعە ی کرد کە ( ٦ )گیراوی گلیعە ی لایە کە لە جەژنی ڕەمەزانی ( ١٩٨٦ ) دا ڕایان کردوە لە بەندینخانەیەکی سوریەدا ، وە لەوانەش بوون کە دابەزی بون ، ئەم دوو ڕوداوەو گەیشتن بەیەکتری هەموو لایەن و ئەندامەکانی دڵنیا کرد بە دەستگیرکردنی

( عدنان عقلە ) و جێگری هەموو ئەوانەی لەگەڵی دا بوون و ئەوانەش لەپاش خۆی دابەزی بون لەپاشدا دەرکەوت کەهۆی گیرانەکەی کەسێک بوە لەناوگلیعە دا کەناوی ( جاهد دندش ) بوە ، وە پێش دوو ساڵ لەوەو پێش هاتۆتە ئوردون و پەیوەندی کردوە بە گلیعە وە بەڵام لە ڕاستی دا سیخوڕێکی بەعسی بوەو توانیویەتی خۆی بکاتە ئەندامێکی چالاک و لە پاشانیش هەر ئەو دەلیل بوە بۆ دابەزینی ( عدنان عقلە ) و جێگری ئەندامەکانی تر ، بەڵام لە سنوری سوریەدا موخابەرات و ئاسایش و پۆلیسی بەعسی چاوەڕێ یان بوون و هەر کە چونەتەناو سنوری سوریە دەست بەجێ دەستگیر کراون و ئێستاش چارەنوسیان نەزانراوە .

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە
v1.0

٦- پاش ئەم کارەستە گەورەیەی بەسەر گلیعە دا هات ( هاشم شعبان ) بووبە سەرکردەی گلیعە و لەڕێگەی فەرماندەی سەربازی گلیعە کە ناوی ( أبو مروان ) بوو داوای لیَ کرا بۆ ( موفاوەزات ) لەگەڵ حکومەت دا ، لەژێر ڕوخانێکیدەرونی و ئاڵۆزی و بارودۆخی بزوتنەوەو درندایەتی دەوروبەریان بەبیَ پرس کردن و بیر لیَ کردنەوە دەست بەجیَ ( هاشم شعبان و أبو نورو حسن خچر و )چون بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاواو لەگەڵ نوێنەرێکی موخابەراتی سوریەدا کۆبونەوە ،

## چوار داواکاریان پێشکەشی حکومەت کرد :

١- بەردانی گیراوەکان .

٢- سەربەستی دان بەبانگەوازی ئیسلامی .

٣- لابردنی عەشیرەت گەری لە سوریە و دامەزراوەکاندا .

٤- لیَ بوردن لەوانەی لە دەرەوەن

لەهەمان کاتدا کە حکومەت خەریکی چەند دانیشتنێک بوو لەگەڵ نوێنەری گلیعە ، بەتایبەت لە ( قبرس و دیمەشق ) دەستی کردە دەرکردنی لێبوردنێکیگشتی بۆ ئەندامانی گلیعە ، بەمەش بەرەی لەژێر پیَی سەرکردایەتی گلیعە دادەرهێناو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیان خۆیان تەسلیم کردەوە ، بەهۆی ئەم ڕوداوانەوە بەیاننامەیەک دەرکرا بڕیاری دەرکردنی ئەوانە درا کە هەستاون بەموفاوەزاتەکە ، وە لەلایەن ( عبدالستار عبود ) کە بەنوێنەری ڕەسمی گلیعەخۆی ناساند ، بەڵام ئەمانیش ژمارەیەکی کەمیان مابویەوەو پاش ماوەیەک هەریەکەیان بیروبۆچونێکی تایبەتی بۆ دروست بوو هەر یەکەیان بەرەو لایەک ملیڕێگەیان گرتە بەر ..... بەم شێوەیە گلیعە لە جیهانی واقعدا ون بوو هیچ ڕۆڵێکی سیاسی سەربازی نەما .....

## هەرەس هێنانی بزاڤی ئیسلامی چەکداری بۆ ؟

ئەو هۆکارانەی کە بونە مایەی لەباربردنی بزوتنەوەی بزاڤی ئیسلامی سوریە لەدوو بواردا خۆیان دەبینێتەوە :

١ ) هۆکارە ناوەکیەکان ...

٢ ) هۆکارە دەرەکیەکان ...

## ١ ) هۆکارە ناوەکیەکان :

کەمەبەست پێی ئەوکەمو کورتیو ناتەواویانەی کەهەبوون لەسەرکردایەتی گلیعەو ڕێکخراوی گلیعە دا گرنگترینیان بریتی یە لە:

١- لاوازی ڕاگەیاندنی ناوەو دەرەوەی ( موجاهدین ) :

بەجۆرێک کە جەماوەری سوریە زۆر بێ ئاگا بون لە ئەمانج و نەخشە و مەبەست و دروشمەکانی گلیعە و وە لەهەمان کاتدا ئەوەی کە هەبوو تەنها ڕاگەیاندنێکی هەواڵەکان بوو چ لەناوەو چ لەدەرەوە نەتوانرا ڕاگەیاندنێکی فکری بەرپا بکرێتبۆ ڕۆشن کردنی بۆچوون و بیروباوەڕی گلیعە و بەرپەرچ دانەوەی بیرۆکەنەزۆکەکانی نوصەیریەیەکان بە جۆرێک کەبەهەزاران لە لاوانی گلیعە شەهید بون و بێ بەروبوم و ئەنجام مانەوە و نەتوانرا ڕاگەیاندنێکی بزاڤی ئیسلامیبەهێز دابمەزرێنرێت و دۆست و دوژمن لە مەبەستی بونی گلیعە تێ بگات .

٢- لاوازی بواری پەروەردەیی :

بەتایبەت لە ساڵەکانی ( ١٩٧٩ – ١٩٨٠ ) کە ژمارەیەکی زۆر ڕووی کردەڕیزەکانی گلیعە نەتوانرا پێ بگەیەنرێن و لە ڕووی عەقیدەی و فکری و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و سیاسی یەوە پەروەردە بکرێن و ئەمەش بوو بە هۆکارێک کە دوژمن بتوانێت ئەڵقە لە گوێکانی خۆی لەناو گلیعە دا بروێنێت و

پاشان چەندین دیاردەی نا ئیسلامی لە ڕیزەکانیاندا دەرکەوێت و لەهەمان کاتداڵە کاتی چەرمەسەری و ئازارەکاندا زۆرێکیان واز لە بزاڤی ئیسلامی و گلیعەبهێنن بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی یەکەیان تەنها سۆزو خۆشەویستی یەکبووەو لەسەر بنەمایەکی فکری دانەمەزرابوو .

٣- لاوازی لە نەخشەی سەربازیدا :بێ گومان لەبەر نەبونی و کەمی شاخ و چەم و دارستان و جەنگێکی پارتیزانیدرێژ خایەن لە سوریەدا کارێکی زۆر هەڵەو ترسناکە چونکە بزاڤی ئیسلامی

چەکداری پێویستە جوگرافیاو ئەمنیەت و شوێنی تایبەتی خۆی دەست نیشان بکرێت و لەهەمان کاتدا لەسەرەتای بەرپابونی بزاڤی ئیسلامی هێرش کردنە سەر کۆمەڵە پیاوانێکی میری لە پلەیەکی نزمدا ، هەڵەیەکی سەربازی ترسناک بوو بۆ پاشەڕۆژو ڕەوتی بزوتنەوەکە ، وە زۆر بوار هەبوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێم گەرنەخشەو شێوازێکی تایبەتی هەڵبژێردرابا کە لەگەڵ بارودۆخی سوریەدا بگونجێت .

٤- سود وەرنەگرتن لە تاقی کردنەوەکانی جیهان :ڕێکخراوی گلیعە نەیتوانی بە شێوازێکی بەر فراوان هەستێت بە پەیوەندی کردن و لێکۆڵینەوە لەو بزوتنەوە چەکداریانەی کە لەوەو پێش بەرپا بوون ،یان لەهەمان کاتدا لە دایک بوو بوون بۆ سود وەرگرتن لە تاقی کردنەوەو ڕێ و

ڕەوتی بزوتنەوەکەیاندا .کە ئەمەش هەڵەیەکی تر بوو بە بیّ دیراسەو لیکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ڕابردووبمانەوێت کاریّکی پاشەڕۆژ بنیات بنێین .

٥- شەهید بونی سەرکردەکان :لە ساڵی ( ١٩٧٥ – ١٩٨٠ ) چوار سەرکردەی گلیعە شەهید بوون ، کە ئەمەش کاریّکی گەورەی کردە سەر ڕەوتی بزوتنەوەی بزاڤی ئیسلامی سوریەبە جۆرێک کە گلیعە بوو بوونە چەند ڕێکخراوێک لەناو بزوتنەوەیەکدا و سەرکردەیەک نەبوو کۆیان بکاتەوە یان وەک بنکەیەک بێت ، بۆ گەڕانەوەی هەموو لقەکان ، لەهەمان کاتدا شەهیدبونی سەرکردەکان بوو بوویە نەمانیمەرکەزیەت لە جوڵەو ئیش و کاردا .

٦- نەبونی پرۆگرامێکی فکری سیاسی :

گەورەترین هەڵە کە لە گلیعە دا ڕوویدا تێکەڵ کردنی ( ولاء ) بوو کە زۆر لە ئەندامانیان لەهەمان کاتدا کە چەکدار بون بەڵام پەیوەندییان هەبوو بە یەکێک لە خەتەکانی إخوانەوە یان بە سۆفیەکانەوە لەهەمان کاتدا بەرنامەیەک نەبووبۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی ئەندامانی خۆیان بەو جۆرەی کە ئەندامانی گلیعە تێبگەن ئامانج و دروشمیان چییەو سەرکردەو پاشەڕۆژیان کیّ دەبێت .

٧- سود وەرنەگرتن لە کوردو لادێکانی سوریە :

گلیعە نەی توانی کارو بانگەوازو ڕێکخستنەکانی خۆی بگەیێنێتە عەشیرەت و لادێکانی سوریە بەتایبەتی کوردەکان ، کە لەهەمان کاتدا بوو بونە هێزێکیپاڵپشت بۆ نوصەیری یەکان و توانی بەکاریان بهێنێت بەرامبەر موجاهدین و ئەمەش بەهۆی نەبونی لێکۆڵینەوەو دیراسەوە بوو سەبارەیدت بە دانیشتوان وشێوازی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا .

٨- ڕۆچونی بیّ بەڵگە :

بەهۆی دژایەتی کردنی إخوان و هەندیّ کەسانی تر بۆ گلیعە و زوڵم لیّ کردنیان سەرکردایەتی گلیعە و زۆرێک لە ئەندامانیان نەیان توانی دان بەخۆیاندا بگرن یان بڕیارێک بدەن کە واقعی بێت و دوور بێت لەهەموو هەل و مەرجێکی ناوەخت بۆ ئەم مەبەستەش ( عدنان عقلە ) و هەندێک لە هاورێکانی فتوای بە کافربونیإخوان و بەرەی ئیسلامیان داو ئەوانەی ( تحالف ) بە دروست دەزانن .

٩- تاک ڕەوی لە بڕیاردا :

بەجۆرێک کە گلیعە لە زۆربەی قۆناغەکانی خەباتی دا نەیتوانیەوە ئەنجومەنی ڕاوێژ بە شێوەیەکی واقعی و کرداری بەدی بهێنێت و بڕیارەکانیان لەسەر پرس و ڕا بێت ، بەڵکو زۆربەی کات هەنگاوەکانیان فەرمانێکی ڕاستەوخۆی ( عدنان عقلە ) خۆی بوو .

١٠- پشت بە خۆنەبەستن :

بەتایبەت لە رووی مادی و پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و پێداویستەکانیەوە جەنگی پارتیزانی کە زۆربەی کات پشت بەستراو بوو بەدەرەوەوە زۆر جاریش پشت بەستن بە دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام وەک بەعسی عێراک ، کە لە لای خۆشیان ڕون بۆوەوە کە پاڵپشتی کاتیەو بیر نەکردنەوە لە پەیداکردنی پێویستیەکان لە خۆیانەوە بۆ خۆیان .

١١- لاوازی ئاستی سیاسی سەرکردایەتی :

ئەمەش بوو بەهۆی کە سەرکردایەتی گلیعە بکەوێتە هەڵەی زۆر گەورە بەهۆی کورت بینی و نەبونی لێکۆڵینەوە دەربارەی دەوروبەر لاوازی بیرکردنەوەی سیاسی بۆ ڕوداوەکان ساکاریو سادەی لە هەڵسەنگان دا ، بۆیە توانرا لەلایەن إخوان و حکومەت و بەعسی عێراقیەوە چەند جار گۆڵیان لیَ بکرێت .

١٢- گلیعە لەسەرەتای تەمەنی دا نەیتوانی پەیکەرێکی ڕێکخستن و سوپایی دابمەزرێنێت و زۆربەی کارەکانیان لەسەر متمانەو خۆشەویستی بزاڤی ئیسلامی و برایەتی دامەزراو وەک پێویست قاڵبی حزبێکی سیاسی چەکداری پێوە دیار نەبوو بەڵکو لەسەر بنچینەی ( زعامات ) کاری دەرۆیشت و لەسەر شێوازی ( خگوگ ) کارەکانیان ئەنجام دەداو ئەمەش خۆی بۆ خۆی

هەرمەکیەت و فەوزایەکی خراپی بەرپا کردبوو وە بەجۆرێک لەکاتی ناهەمواری دا نەیدەتوانی خۆی بگرێتەوە .

## ٢- هۆکارە دەرەکییەکان :

١- بڕینی یارمەتی لەلایەن إخوانەوە :

کە ئەمەش کاریگەریەکی زۆری کردە سەر ڕەوتی بزاڤی ئیسلامی و نەفسیەتی موجاهدین و بووە هۆی لاواز کردن و لەباربردنی گلیعە لە کاتێکدا خۆی هیچ جوڵەیەکی نەبوو لەبواری دارایی و بە دەست هێنانی پێویستییەکانی بزاڤێکی ئیسلامی پارتیزانی درێژ خایەن لە شوێنێکی وەک سوریە و بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەختی وەک بەعسی سوری .

لەهەمان کاتدا حکومەت پاڵپشتی لێوەدەکرا لەلایەن زۆر لە ڕێکخراوو دەوڵەتە زلهێزەکانەوە . ئەمەش خۆی بۆ خۆی کارێکی بیَ ئەنجامەو خۆکوشتنە کە بمانەوێت کارێکی وا گەورە بەرپا بکرێت بە بیَ ئامادەکردنی

پێویستیەکانی بەردەوام بوونی یارمەتی ... چونکە پێویستە هەموو بارێکی‌ناڵەبار لێک بدرێتەوە و ئیحتیات بۆ هەموو پێویستیەکان دابنرێت .

٢- پڕوپاگەندە :

لەلایەن إخوانەوە پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوان و نەخشە کێشراو دەکرایە سەرگلیعە و ( عدنان عقلە ) بوو بەهۆی ساردبونەوەی زۆرێک لە ئەندامان ولایەنگران و پاشان ساردی دروست بوون لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ گلیعەبەتایبەت

لەلایەن دەوڵتانی دراوسیٚ و ڕیٚکخراوە خیٚرخوازیەکان و کەسایەتییە ناودارەکان ، چونکە پرۆپاگەندەکان بە جۆریٚک بوون ئابلۆقەیەکی تەواویان خستبوە سەر هوموو بوارەکانی ڕاگەیاندن و دارایی و

پەیوەندییەکان .

٣- پەیمان شکاندن

کە لەلایەن بەعسی عیٚراقی و ئوردونەوە بۆ سەر گلیعە و ئەندامەکانیان زۆر جار بونەتە هۆی لەناو بردنی جوڵەو هەڵویٚستەکانیان ئەگەر ڕاستەخۆشیارمەتی حکومەتی سوریەیان نەدابیٚت .

٤- لاوازی لە پەیوەندی دا :

کە پیٚویستیەکی سەرەکی هەموو بزوتنەوەیەکی چەکدارییە بەلاٚم گلیعەگرنگییەکی ئەوتۆی نە ئەدایە پەیوەندییە گشتی و تایبەتیەکان ، ئەمەشیەکیٚکە لە پیٚویستییە سەرەکییەکانی هەموو بزوتنەوەیەکی چەکداری ،کە پیٚویستە پاڵپشتیٚکی سیاسی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و هەوڵ بدات و لەڕوی پەیوەندییەکانەوە کاری خۆی بەرفراوان بکات و دەوروبەر لە قەزیەو بەرنامەی خۆی تیٚبگەیەنیٚت و سۆزی بەرامبەرەکانی بەرەو لای خۆی کەمەند کیٚش بکات تا لەکاتە ناسک و ناهەموارەکاندا سودی تایبەتی خۆیان لیٚ ببینیٚت .